# قلق المستقبل لدى طلبة جامعة (جامعة كرميان كمثال )

**رزكار محمود منصور محمد**

rmansoor2@gmail.com

**د. حسين إسماعيل علي**

Husen.ismailali@garmian.edu.krd

**جامعة كرميان/كلية اللغات والعلوم الإنسانية/قسم علم النفس**

**الكلمات المفتاحية:** قلق , المستقبل , طلبة , جامعة كرميان

**كيفية اقتباس البحث**

محمد , رزكار محمود منصور , علي , حسين إسماعيل , قلق المستقبل لدى طلبة جامعة (جامعة كرميان كمثال ),مجلة مركز بابل للدراسات الانسانية، آذار ٢٠٢٦, المجلد:١٦ ,العدد:٣.

**هذا البحث من نوع الوصول المفتوح مرخص بموجب رخصة المشاع الإبداعي لحقوق التأليف والنشر ( Creative Commons Attribution ) تتيح فقط للآخرين تحميل البحث ومشاركته مع الآخرين بشرط نَسب العمل الأصلي للمؤلف، ودون القيام بأي تعديل أو استخدامه لأغراض تجارية.**

**مفهرسة في Indexed**
**IASJ**

**مسجلة في Registered**
**ROAD**

# Future Anxiety among University Students(Garmian University for example)

**Rizgar Mahmoud Mansour Mohammed**

rmansoor2@gmail.com

**Dr.Hussein Ismail Ali**

Husen.ismailali@garmian.edu.krd

**Garmian University/K. Language and Humanities / Department of Psychology**

**Keywords** : Anxiety, Future, Students, University of Kerman

**How To Cite This Article**

Mohammed , Rizgar Mahmoud Mansour , Ali , Hussein Ismail , Future Anxiety among University Students(Garmian University for example) ,Journal Of Babylon Center For Humanities Studies, March 2026,Volume:16,Issue 3.

**This is an open access article under the CC BY-NC-ND license (http://creativecommons.org/licenses/by-nc-nd/4.0/**

This work is licensed under a Creative Commons Attribution-NonCommercial-NoDerivatives 4.0 International License.

## Summary

This study intends to achieve the following objectives:

1 . Future Anxiety among University Students(Garmian University for example)

2. future anxiety among university students according to gender variables (males and females) and experts (science - humanities).

. The researcher used the methods of "Descriptive Social Survey". The research community includes all students of Garmian University for the academic year (2024 – 2025). The total number of students is 4714 students of both sexes for morning and evening classes, according to their experts and level of study. The researcher took a sample of (10.6%) from

the total research community, which is (499) students ,the researcher adopted a class random sampling method. The researcher developed the measure of future anxiety based on four areas. He has derived the truth, stability, and discriminatory power of the provisions for each of the criteria. The researcher used the Likert method, which consists of five alternatives for each item of the scale. The alternatives are (always, often, sometimes, rarely, never). The researcher used the statistical processing software package (SPSS) to statistically process the data in the study and analyze the data on the outcomes (counting center, person adherence coefficient, percentage Rate, T-test).

After presenting the results of the research, the researcher came to the following conclusions:

1- The level of future anxiety among Garmian University students is high.

2- There is no significant difference in the level of future anxiety among students of Garmian University according to gender variables and their specialty.

## ملخص البحث

-الهدف البحث:

١-معرفة مستوى قلق المستقبل لدى طلبة جامعة (جامعة كرميان كمثال )

٢- مستوى القلق المستقبل لدى طلبة جامعة كرميان بحسب متغير الجنس (الذكور والإناث) والتخصص (العلمي_الإنساني)

أما مجتمع بحثه فهم طلبة جامعة كرميان قاطبةً للسنة الدراسية ٢٠٢٤ – ٢٠٢٤ ، وعدد طلبة جامعة كرميان بحسب الإحصاء الذي حصل عليه الباحث من تسجيل العام للجامعة بلغ، ( ٤٧١٤) طالباً وطالبة للدوامين الصباحي والمسائي وبحسب تخصصاتهم ومراحلهم الدراسية .

أخذ الباحث عينة بنسبة ( ١٠,٦% ) من مجموع مجتمع البحث وهي تساوي ٤٩٩ أخذ الباحث النماذج العشوائية الطبقية .أعد الباحث معيار (قلق المستقيل ) على أساس أربع مجالات , استخرج الباحث الصدق والثبات وقوة التفاضل لكل معيار . استخدم الباحث أسلوب ( ليكرت ) وهو عبارة عن خمسة بدائل لكل مقطع من مقاطع المعيار والبدائل هي ( دوماً – أغلب الأحيان – بعض الأحيان – نادراً – أبداً ) .

* استخدم الباحث باقة برنامج حل الإحصاء ( spss ) لمعالجة إحصاء معلومات البحث وتحليل المعلومات الخاصة بالاستنتاجات . ( الإحصاء المركزي – معامل ارتباط بيرسون – النسبة المئوية – T.Test ). وبعد إجراءات البحث ومعالجة إحصاء ومعطيات البحث توصل الباحث إلى الاستنتاجات التالية .

١-وجود قلق المستقبل لدى طلبة جامعة كرميان في مستوى عالٍ .

٢- بحسب متغير الجنس ( ذكور وإناث ).لدى طلبة جامعة كرميان لدى طلبة جامعة كرميان لاتوجد فروق بين الجنسين، لاتوجد فروق بحسب متغير التخصص حول قلق المستقبل .

**دڵەڕاوکێی داهاتوو لای خوێندکارانی زانکۆ(زانکۆی گەرمیان بەنمونە )**

**رزگار محمود منسور محمد**

rzgarmansoor2@gmail.com

**پ.د. حسێن اسماعیل علی**

Husen.ismailali@garmian.edu.krd

**زانکۆی گەرمیان/ك. زمان وزانستەمرۆڤایەتییەکان / بەشی دەروونناسی**

**پوختەی توێژینەوە**

ئامانجی توێژینەوە بریتیە :

١-زانینی ئاستی دڵەڕاوکێی داهاتوو لای خوێندکارانی زانکۆ(زانکۆی گەرمیان بەنمونە )

٢- ئاستی دڵەڕاوکێی داهاتوو لای خوێندکارانی زانکۆی گەرمیان بەپێی گۆڕاوی ڕەگەزی (نێر و مێ) و پسپۆڕی (زانستی _ مرۆڤایەتی).

توێژەر ، میتودی "وەصفی ڕووپێوی کۆمەڵایەتی "و"پەیوەستی " بەکارهێناوە، کۆمەڵگەی توێژینەوە بریتیە لەسەرجەم خوێندکارانی زانکۆی گەرمیان بۆ ساڵی خوێندنی ( ٢٠٢٤ – ٢٠٢٥ ) ، ، بریتیە لە ( ٤٧١٤ ) خوێندکار لە هەردوو ڕەگەز بۆ دەوامی بەیانیان و ئێواران بە پێی پسپۆڕی و قۆناغی خوێندنیان ، توێژەر نمونەیەکی بەڕێژەی ( ١٠,٦% ) لەکۆی کۆمەڵگەی توێژینەوە

وەرگرتوە کە دەکاتە ( ٤٩٩ ) ژمارە، شێوازی هەڕەمەکی چینایەتی نمونەکەی وەرگرتووە ،توێژەر پێوەری (دڵەڕاوکێی داهاتوو)ی لەسەر بنەمای چوار بوار ئامادەکردووە ، ڕاستی و جێگیری و هێزی جیاکاری بڕگەکانی بۆ لەپێوەرەکە دەرهێناوە ، ، توێژەر شێوازی ( لیکرت ) ی بەکارهێنا کە بریتیە لە پێنج جێگرەوە بۆ هەر بڕگەیەکی پێوەرەکە ،جێگرەوەکانیش بریتین لە ( هەمیشە ، زۆرجار ، هەندێ جار ، بەدەگمەن ، هەرگیز ) . توێژەر پاکێجی پرۆگرامی چارەسەری ئاماری ( spss )ی بەکارهێنا بۆ چارەسەری ئاماری زانیارییەکانی نێو توێژینەوەکە و شیکردنەوەی زانیاریەکانی تایبەت بە دەرئەنجامەکان ( ناوەندە ژمێری ، هاوکۆلکەی پەیوەستبونی پێرسۆن ، ڕێژەی سەدی ، T.Test ) ،دوای خستنەڕووی ئەنجامەکانی توێژینەوە ، توێژەر بەم دەرئەنجامانە گەیشتوە کە بریتین لە:

١- ئاستی دڵەڕاوکێی داهاتوو لای خوێندکارانی زانکۆی گەرمیان لەئاستێکی بەرزدایە.

٢- بەپێی گۆڕاوی ڕەگەزی نێر و مێ وپسپۆڕی لە ئاستی دڵەڕاوکێی داهاتوو لای خوێندکارانی زانکۆی گەرمیان جیاوازی بەرچاو بوونی نییە.

وشەی سەرەکی: دڵەڕاوکێ، داهاتوو، خوێندکاران، زانکۆی کرماشان

## بەشی یەکەم/ ناساندنی توێژینەوە:

### کێشەی توێژینـەوە

مرۆڤ بونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە و گۆڕانە کۆمەڵایەتییەکان لە کۆمەڵگەدا ڕوودەدەن و کاریگەرییان لەسەری دەبێت و بیرکردنەوە و کەسێتی و تێڕوانینەکانی دیاریدەکەن، دڵەڕاوکێی داهاتو یەکێکە لە دیاردە گرنگەکان کە سەردەمی ئەمڕۆمانی پێ دەناسرێتەوە و لە سەردەمەکانی تری جیادەکاتەوە، کە تیایدا زۆرینەی پێیەوە دەناڵێنێت بەتایبەت گەنجان، کە مەترسیان لە داهاتوویەکی نادیار هەیە، کە پڕاوپڕە لە ململانێ و قەیران و بێ هیوایی و خاڵییە لە ماناو ئامانجەکانی ژیان.

فرۆید : دڵەڕاوکێ کاردانەوەی ئیگۆیە بەرامبەر مەترسییەك و زەنگی هەڵهاتنە لەو مەترسییە(عمر، ٢٠٢٣: ١٢) .دڵەڕاوکێ یەکێکە لە بەربڵاوترین نەخۆشییەکانی جیهان بەڕێژەی ٥% لە وڵاتە هەرە پێشکەوتووەکان و ٢,٨% لە وڵاتە مامناوەندەکان و ١,٦% لە وڵاتە هەژارەکان بوونی هەیە، بەگشتی ئاستی ناوەندەژمێری بەربڵاوییەکەی بۆ ١٢ مانگ بریتییە لە ٣،٧% و بۆ

مانگێك بریتییە لە ٠،٨% بەگشتی توشبووانی ئەم جۆرە لە ناو مێینەدا زیاترە بەراورد بە گرووپی رەگەزەکانی تر و رێژەکەی نزیکە لە دوو هێندە(سیدۆ مۆرگان، ٢٠٢٢: ١٤). ئاستی دڵەڕاوکێی تاك کاریگەر دەبێت بە چۆنێتی ڕوانینی تاك بۆ داهاتوو، تاك خاوەنی بینین و تێڕامانە بۆ داهاتوو، ئەمەش پاڵنەرێکی بەهێزە بۆ چالاکی کارکردن و پێشکەوتن لە ژیاندا، لە کاتێکدا تاك تووشی دڵەڕاوکی دەبێت ڕوانینێکی ڕەشبینییانەی لەسەر داهاتوو لا دروست دەبێت و کاریگەری خراپ لەسەر تاك بەجێدەهێڵێت، هەروەها دەبێتە هۆی هەڵهاتن لە ژیان، بەرەو نائومێدی و شکست ئاراستەی دەکات.(حنتول ،٢٠١٢: ٤٨). ئاساییە هەست بە دڵەڕاوکێ بکەیت سەبارەت بە داهاتوو، دڵەڕاوکێی داهاتوو جۆرێکە لە نیگەرانی، یان ترس لەڕووداوێکی داهاتوو، کاتێك ئەمە ڕوودەدات مێشکمان لە ناو لۆپێکی بێکۆتایی ئەگەرچیدا تێکەڵ بێت، لەوانەیە خۆمان ببینینەوە کە چیرۆکەکان لەسەر خراپترین سیناریۆ دەخولێنین کە ڕەنگە هەرگیز ڕوونەدات. ڕەنگە دڵەڕاوکێی داهاتوو بەچەند شێوەیەک خۆی دەربخات، لەوانە هەست بەنیشانە جەستەییەکان بکەیت وەك: گرژبوونی ماسولکەکان، کێشەی سەرنج، لێدانی دڵ، تێکچوونی گەدە و بەگشتی ئەم نیشانانە دەتوانێت کاریگەری نەرێنی لەسەر تەندروستی دەروونی و سۆزداری هەبێت و بێبەشی بکات لە خۆشی و ساتەوەختی ئێستا.

خوێندکارانی زانکۆ توێژێکی گرنگ و کاریگەری کۆمەڵگەن و بەرپرسیارێتی پێشکەوتنی وڵات لە ئەستۆ دەگرن، دڵەڕاوکێی داهاتوو مەترسییەکی زۆری لەسەر پەیبردن و چالاکی خودی و ئامانجەکانیان هەیە، ئەمەش کاریگەری خراپی لەسەر داهاتووی زانستی و پیشەییان دەبێت، لەکاتێکدا قۆناغی زانکۆ قۆناغێکە بۆ زیادبوونی ڕۆشنبیری خوێندکارو کارامەییان و ئامادەگییان، بۆ ئەوەی لەپاش تەواوکردنی قۆناغی زانکۆ ڕووبەڕووی ژیان ببنەوە(المشیخی، ٢٠٠٩: ٣).

توێژەر پێشبینی دەکات خوێندکارنی زانکۆ بەگشتی و خوێندکارانی زانکۆی گەرمیان بەتایبەت، دڵەڕاوکێی داهاتوویان لەئاستێکی بەرزدا بێت، ئەم ڕەوشەش بۆ خۆی چەند پرسیارێك دێنێتە ئاراوە ئەم توێژینەوە لە هەوڵی وەڵامدانەوەیاندایە و بریتین لە:

– ئاستی دڵەڕاوکێی داهاتوو لای خوێندکارانی زانکۆی گەرمیان لە چ ئاستێکدایە؟

**گرنگی توێژینەوە:** گرنگی ئەم توێژینەوە لەوەدایە تیشك دەخاتەسەر توێژێکی گرنگ و کاریگەر لە کۆمەڵگەدا، ئەویش توێژی لاوانە و خوێندکاری زانکۆن، قۆناغی زانکۆش قۆناغی پشتبەستنی تاك بە خود، بەشێوەیەکی بەرفراوان و قۆناغی هەستکردنە بە بەرپرسیارێتی، گرنگیدان بە زانکۆ گرنگیدانە بە داهاتووی خێزان و کۆمەڵگا بەگشتی و پشتگوێ خستنیان و گرنگی پێنەدانیان



مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ / المجلد ١٦ / العدد ٣

دەبێتە هۆی فشار لەسەر دەروونیان و داهاتووی خێزان و کۆمەڵگاش دەخاتە مەترسییەوە، ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە بۆ زانینی دڵەڕاوکێی داهاتوو لای خوێندکارانی زانکۆی گەرمیان دەبێتە دەروازەیەك بۆ ئاشکراکردن و ناساندنی هۆکارەکانی ئەو دیاردەیە ئەمەش کارئاسانییەکی ئەرێنییە بۆ بووژانەوەی ئەم زانکۆیە و خزمەتکردنی بواری زانستی لە ڕووی تیۆری و پراکتیکییەوە، کە لە ئەنجامدا ڕەنگدانەوەیەکی سوودبەخشی دەبێت بۆ تاك و خێزان بەتایبەتی و کۆمەڵگاش بەگشتی.

**لێرەدا گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەڕووی تیۆری و پراکتیکیەوە لەم چەند خاڵەدا خراوەتە ڕوو .**

١ . ئاستی دڵەڕاوکێی داهاتوو لای خوێدکارانی زانکۆ کاریگەرییەکی بەهێزی دەبێت لەسەر کەسێتی و ئەدا و خولیا و ئامانجەکانیان لە ناوەندەکانی زانکۆ و سەرجەم بوارەکانی ژیانیان.

٢ . دڵەڕاوکێی داهاتوو ڕۆڵێکی کاریگەرو بەهێزی دەبێت لە سەر تەندروستی دەروونی و جەستەیی لای خوێندکارانی زانکۆ و کار لەسەر ژیانی کۆمەڵایەتی، خێزانی، پیشەییان دەکات.

**ئامانجی توێژینەوە:**

ئەم توێژینەوەیە لەهەوڵی بەدەستهێنانی ئەم ئامانجانە دایە:

١ . زانینی ئاستی دڵەڕاوکێی داهاتوو لای خوێندکارانی زانکۆی گەرمیان.

٣- بەڵگەکانی جیاوازی لە ئاستی دڵەڕاوکێی داهاتوو لای خوێندکارانی زانکۆ بەپێی گۆڕاوی ڕەگەزی (نێر و مێ) و پسپۆڕی (زانستی _ مرۆڤایەتی).

**سنوری توێژینەوە:**

سنوری کاتی_ ساڵی خوێندنی (٢٠٢٤ _ ٢٠٢٥ ز) .

سنوری مرۆی –خوێندکارانی زانکۆی گەرمیان.

سنوری شوێنی_زانکۆی گەرمیان .

سنوری بابەت _ دڵەڕاوکێی داهاتوو.

**پێناسەی چەمکەکان:** دڵەڕاوکێی داهاتوو: ( zaleski,1996)ئەم جۆرەیان جیاوازە لەجۆرەکانی نەخۆشی دڵەڕاوکێ وەك: فۆبیا و دڵەڕاوکێی کۆمەڵایەتی و جۆرەکانی تری دڵەڕاوکێ، بۆ ئەو تاکەی تووشی دڵەڕاوکێی داهاتوو دەبێت، داهاتوو ماوەی درێژخایەنە و ئەو کەسانەی ئاستی هەستیاری و دڵەڕاوکێیان بەرزە، مەترسی زیاتریان لەسەرە، کە تووشی دڵەڕاوکێی داهاتوو بن،

ڕەنگە دڵەڕاوکێی داهاتوو دوای ماوەیەکی زۆر دوای دەسپێکردنی هاندەری ڕقاوی و وورووژێنەر دەربکەوێت و گونجاوە بۆ گەشەکردنی ئەم جۆرە دڵەڕاوکێیە (zaleski,1996 ,165). (معوض، ١٩٩٦):دڵەڕاوکێی داهاتوو ڕەشبینییە بەرامبەر بە داهاتوو، هەروەها ترسە لە کێشە کۆمەڵایەتییەکان و دابەزینی بەهاکان و نەبوونی متمانە بە داهاتوو، دڵەڕاوکێی مردن و ترس لە بێ دەسەڵاتی و نائومێدی بەرامبەر بەرووداوەکانی داهاتوو(معوض، ١٩٩٦: ٦٨).

لە پێناسەکانی ڕابردووەوە دەتوانین بڵێین دڵەڕاوکێی داهاتوو: بریتیە لە بارودۆخێك، کە تاك تیایدا تووشی ترس و گرژی و نادڵنیایی دەبێت، سەرچاوەی دەروونی هەیە و ماوەکەی درێژە، هەروەها تێڕوانینی ناعەقڵانی تاکە بەرامبەر بە گۆڕانکارییەکانی داهاتوو، کە لە ئەنجامی ئەزموون و ئازارەکانی پێشوویەوە سەرچاوە دەگرێ، ئەمەش ڕەنگدانەوەی نەرێنی لەسەر چالاکییەکانی ئێستا و داهاتووی دەبێت.

**پێناسەی کارایی دڵەڕاوکێی داهاتوو** : بریتییە لە کۆی ئەو نمرانەی، کە خوێندکاران وەریدەگرن لە وەڵامدانەوەی برگەکانی پێوەری تایبەت بە دڵەڕاوکێی داهاتوو کە توێژەر بەکاری هێناوە لەم توێژینەوەدا.

زانکۆ بریتییە لەو دامەزراوە فێرکاری و ئەکادیمییانەی هەڵدەستێت بە ئامادەکردنی تاکی بەرهەمهێن بەگوێرەی گەشەپێدانی گشتگیر بۆ سەرجەم سێکتەرەکانی ژیان لە دامەزراوە کۆمەڵایەتی و ئابوری و پیشەسازییەکان بە سەرجەم لق و جۆرەکانییەوە لە کۆمەڵگادا(عبدالرحمن، ٢٠٠٠: ٢٥). (ڕاشید، ٢٠١٢): زانکۆ دامەزراوەیەکی پەروەردەییە، کە خوێندکار دوای تەواوکردنی قۆناغی خوێندنی ئامادەیی پەیوەندی پێوە دەکات و بەرزترین دامەزراوەی دانپێدانراوی خوێندنی باڵایە و پرۆگرامی فێرکاری و ڕاهێنان لە چەندین پسپۆڕی و تیۆری و پراکتیکیدا پێشکەش دەکات، لە ماوەیەکدا زۆرجار چوار ساڵە هەندێك جاریش دەگاتە شەش ساڵ(ڕاشید، ٢٠١٢: ١٥). (السبعاوی ، ٢٠٠٧ ):ئەو خوێندکارانەن کە قۆناغی خوێندنی ئامادەییان تەواوکردووە و چوونەتە کۆلێژێك خوێندن تیایدا چوار تا شەش ساڵە و دواتر بەپێی پسپۆڕی خۆیان بەکالۆریۆسیان پێ دەدرێت(السبعاوی، ٢٠٠٧ :٣٨) . زانکۆی گەرمیان: یەکێکە لە زانکۆ نوێیەکانی هەرێمی کوردستان سەر بە وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستییە و لە ساڵی (٢٠١٠)دا دامەزراوە، لە ئێستادا لە (٩) کۆلێژ پێکهاتووە، ئەویش کۆلێژەکانی (پزیشکی، ئەندازیاری، یاسا، زانست، پەروەدە، پەروەردەی بنەڕەت، زمان و زانستەمرۆڤایەتیەکان) لە قەزای کەلار و کۆلێژەکانی (ئاداب، پەروەردەی جەستەیی و زانستە وەرزشیەکان، کۆمپیتەور و تەکنەلۆجیای زانیاری ) لە قەزای خانەقین.

**بەشی دووەم/ چوارچێوەی تیۆری توێژینەوە:**

**چەمکی دڵەڕاوکێی داهاتوو:** دڵەڕاوکێی داهاتوو بە دۆخی ترس و دڵەڕاوکێ دادەنرێت و دەبێتە هۆی گۆڕانکاری لە داهاتوودا، ئەگەری هەیە مەترسی و هەڕەشەیەك بێت بۆ تێکدانی ئارامی و دەروونی مرۆڤ لە داهاتوودا ، ئەمەش کاریگەری لەسەر داهاتووی تاك بەجێ دەهێڵێت، ئەم دڵەڕاوکێیە جۆرێکە لە دڵەڕاوکێی گشتگیر، کە ڕەگ و ڕیشەکەی لە واقعی ئێستادا هەیە، لە کۆمەڵێك نیشانەی وەك: ڕەشبینی، لاوازیی تەرکیز، گرژبوونی ماسولکەکان و هەستکردن بەترس و دڵەڕاوکێ بۆ گەیشتن بە ئامانجەکان و نەبونی دڵنیای سەبارەت بەداهاتوو( Zaleski, 2018: 163)، هەرچی سەبارەت بەدڵەڕاوکێی داهاتوو، هەروەها هاوشێوەی فرۆید " Moline , 2017" دڵەڕاوکێی داهاتوو دەگەڕێنێتەوە بۆ چەن هۆکارێکی تر کە دەبنە هۆی ئەوەی تاك نەتوانێت خۆی بگونجێنێت لەگەڵ بارودۆخە سەختەکانی وەك هەڵوەشاندنەوەی خێزان، کەوا دەکات تاك مەیل لەدەست بدات و هەست بەنامۆیی بکات و وا هەست بکات، کە سەر بە بنەماڵەی ئەو کۆمەڵگایە نییە کە تیایدا دەژێت، ڕەنگە نەبوونی ئاسایشی دەروونی و کۆمەلایەتی و نەبوونی توانای پێشبینیکردنی بۆ داهاتوو لەدەست بدات و نەتوانێت پرۆژە و پلان و بەرنامەکانی سەبارەت بە داهاتوو بونیاد بنێ(Moline, 2017: 509) .

**هۆکارەکانی دڵەڕاوکێی داهاتوو:**

کۆمەڵە هۆکارێك لەگەڵ یەکتر تێکەڵ دەبن و یەکدەگرنەوە بۆ فراوانبوونی توانای هەستکردن بە دڵەڕاوکێی داهاتوو، دەتوانرێت هەندێکیان بەم شێوەیە پۆلێن بکرێت (بشير مولين ١٩٩٠) ئاماژە بەوە دەکات هۆکارەکانی دڵەڕاوکێی داهاتووی تاك بریتین لە:

١-نەبونی توانای خۆگونجاندنی تاك لەگەڵ ئەو کێشانەی بەدەستییەوە دەناڵێنێت.

٢-هەڵوەشاندنەوەی خێزان.

٣-بێتوانایی لە جیاکردنەوەی خواستەکانی لە چاوەڕانییەکان لەسەر بنەمای واقع.

٤-کێشەی لەگەڵ دایك و باوك و چاودێری خێزان و بێتوانایی لە چارەسەرکردنی.

**شێوازەکانی چارەسەری دەروونیی بۆ دڵەڕاوکێی داهاتوو:**

ئاساییە دڵەڕاوکێی داهاتوو کاریگەریی گەورەی لەسەر تاك هەبێت، لەبەر ئەو زیانانەی، کە لە سروشتی دەروونیی و جەستەیی هەیەتی، ئەمەش پێویستی بە ڕووبەڕووبونەوە و چارەسەر کردن هەیە، بۆیە دەبێت ئەو شێوازانە بدۆزینەوە، کە ئامانج لێیان دەربازبوونە یان کەمکردنەوە و نەهێشتنی دڵەڕاوکێیە(المشيخى، ٢٠٠٩: ٥٧).

**یەکەم/ چارەسەری دەروونشیکاری:** (یۆنگ) پێی وایە دەبێت لەو سەرچاوە بنەڕەتییانەی دڵەڕاوکێی تاك بکۆڵنەوە، کە زۆرجار پەیوەندی بە ململانێ چارەسەر نەکراوەکان و هەستە سەرکوتکراوەکان و لایەنە دانپیانراوەکانی خودەوە هەیە، بە هێنانی ئەم توخمانە بۆ ناو هۆشیاری و تێکەڵکردنیان، دەتوانن دڵەڕاوکێ کەم بکەنەوە و ئارامی ناوەوە بدۆزنەوە، چارەسەرەکەی (یۆنگ) فەوزای سەلامەت بۆ تاکەکان دابین دەکات بۆ پرۆسێسکردنی و چاکردنەوەی لە ئەزموونە زەبر بەخشەکان، هەروەها سەرنج دەخاتە سەر تێگەیشتن لە کاریگەرییەکانی زەبروزەنگ لەسەر دەروونی و یارمەتی تاکەکان دەدات لایەنە پارچە پارچەکراوەکانی خودی خۆی یەکبخاتەوە، کە دەبێتە هۆی گەشەکردنی دوای زەبروزەنگ، چارەسەری (یۆنگی) پشتگیری لە تاکەکان دەکات لە کاتی گواستنەوە سەرەکییەکانی ژیاندا وەك گۆڕینی پیشە یان خانەنشینی و یارمەتی تاکەکان دەدات ئەم گواستنەوەیە بەڕێوە ببەن بە گەڕان بەدوای بەهاکانی ناسنامە پەرەسەندووەکانیان.

**دووەم/ چارەسەری ڕەفتاری – مەعریفی:**چارەسەری ڕەفتاری – مەعریفی وەك ڕەوتێکی چارەسەری پێناسە دەکرێت، کە تاڕادەیەك کار لەسەر تێکەڵکردنی چارەسەری مەعریفی و چارەسەری ڕەفتاری دەکات و بەنیازە لە ڕوانگەیەکی سێ ڕەهەندییەوە مامەڵە لەگەڵ تێکچوونە جۆراو جۆرەکان بکات، وەك چۆن لە ڕووی مەعریفییەوە مامەڵەیان لەگەڵ دەکات بەهەمان شێوە لەڕووی سۆزداری و ڕەفتاریشەوە مامەڵەیان لەگەڵ بکات، هەروەها پشت بەدامەزراندنی پەیوەندییەکی چارەسەری هاوبەش لەنێوان چارەسەرکەر و نەخۆشەکەدا دەبەستێت، کە تیایدا بەرپرسیارێتی کەسی نەخۆشەکە بۆ هەموو بیرکردنەوە شێواوەکان و بیروباوەڕە ناکارامە و ناعەقڵانییەکان دیاری دەکرێت و بە پلەی یەکەم بەرپرسیارە لەو تێکچوونانەی تاك بەدەستیانەوە دەناڵێنێت، نەخۆش بەرپرسیارێتییەکی کەسیی هەڵدەگرێت لە هێنانەدی گۆڕانکاری چارەسەریی لەڕێگەی ڕاستکردنەوەی بیرکردنەوە شێواوەکان و بیروباوەڕە ناعەقڵانییەکان و دەستکاریکردنیان و گۆڕینی بە بیرکردنەوە و بیرباوەڕێکی لۆژیکی و عەقڵانی(عادل عبدالله، ٢٠٠٠: ١٧).

**سێ یەم / کەمکردنەوەی ئەو هەستیارییەی دەبێتە هۆی ترس و دڵەڕاوکێ:**ئەوەش یەکەمین جۆری چارەسەری ڕەفتاریی گرنگە، ئەگەر کەسێك لە شتێك بترسێت و بڵێت ئەو شتە ڕوودەدات، ئەگەر ڕوویدا ئەوا ئەنجامی خراپی لێدەکەوێتەوە، ئەوا بەخەیاڵ وای دابنێت ماسولکەکانی خاوبکاتەوە بەشێوەیەکی کاراو لەڕێی چارەسەرکردنی دڵەڕاوکێ بەخاوبوونەوە، چونکە دەرکەوتووە زۆربەی ئەوانەی تووشی دڵەڕاوکێ و ترس بوون ناتوانن بەشێوەیەکی کارا خاوببنەوە، پێویستیان بە چەندین کاتژمێر مەشق هەیە بۆ ئەوەی کاتێ بیانەوێت ماسولکەکانیان بەقووڵی خاو بکەنەوە،

لەدوای خاوبوونەوەی قووڵیش پێویست بەوە دەکات کە وێنەیەکی بێزاری زیندوو بۆ ئەو مەترسییە بهێنرێتە بەرچاو، کە تاك لە داهاتوودا لێی دەترسێت و هێشتنەوەی ئەو وێنەیە بۆ ماوەی (١٥) چرکە و دووبارەکردنەوەی ئەمە بۆ چەندیجار و جەختکردنەوە لەسەر بەرەنگاربوونەوەی ئەو مەترسییانە تەنانەت لە کاتی ڕەهوودانیشدا ، تا ئەو کاتەی کەسەکە دەتوانێت ئەو حاڵەتانە بێنێتە خەیاڵی خۆی، کە تووشی ترس و دڵەڕاوکێی دەکەن بێ ئەوەی هەست بە دڵەڕاوکێ بکات، بەڵکوو تەنها بەخەیاڵ لەکاتی هەستکردندا.(علی، ٢٠١٦: ٥٦).

**ئەو تیۆرانەی شیکردنەوەیان بۆ چەکی دڵەڕاوکێ کردووە:**

**یەکەم / چەمکی دڵەڕاوکێ لە ڕوانگەی تیۆری دەروونشیکارییەوە Psycho Analytic Theory**: فرۆید پێشەنگی قوتابخانەی دەروونشیکار و یەکێك لە یەکەم کەسەکانە، کە باس لە دڵەڕاوکێ دەکات، وەك: هەستێکی ناڕوون و ناخۆش و چاوەڕوانی و ترس و وروژاندن، بەزۆری هەندێك هەستی جەستەیی لەگەڵدایە و لە هێرشی دووبارە بووەوە لە چوارچێوەی هەمان هەستدا دێت لای تاك(العیسوی، ١٩٩٢: ١٢٣)، دڵەڕاوکێ لە فشارە غەریزە سەرکوتکراوەکانەوە سەرهەڵدەدات بۆ دەربڕینی خۆیان و شکاندنی سەرکوتکراو، بەو پێیەی دڵەڕاوکێ بە میکانیزمێکی ئاگایی ناوەکی دادەنرێ، کە کاتێك سەرهەڵدەدات (ID) هەڕەشەی زاڵبوون بەسەر بەرگرییەکانی (ego) و تێرکردنی ئەو غەریزانە دەکات، کە کۆمەڵگا ڕازی نییە بۆ تێرکردنی، (ego) هەوڵی سەرکوتکردنیان دەدات، سیگناڵێکی ئاگادارکردنەوە دەدرێت بە (ego) بۆ ئەوەی پاڵنەرێك بێت بۆ کارکردن لەسەر سەرکوتکردنی ئەو پاڵنەرانە، چونکە (ego) پەنا دەباتە بەر فێڵە بەرگرییەکان وەك پاساوهێنانەوە، پێشبینیکردن، پاشەکەوتکردن و شتی تر.

**دووەم/ چەمکی دڵەڕاوکێ لە ڕوانگەی تیۆری مرۆڤایەتییەوە Humanistic:**

ڕەنگە گرنگترین نوێنەری ئەم بیرکردنەوە (Maslow , Rogers) بێت، کە پێیان وایە زیندەوەرانی مرۆڤ لە خەمی گەشەکردندان نەك کار بۆ دوورکەوتنەوە لە بێزاری یان گەڕانەوەی هاوسەنگی لەسەر بنەمای ئەم باوەڕە، تیۆری بەناوبانگە خۆی سەبارەت بە پلەبەندی پێداویستییەکان پەرەپێدا و نەگەیشتن بەم پێداویستییانە دەتوانێت ببێتە هۆی دڵەڕاوکێ،بەو پێیەی (کارل روجرز ) پێی وایە مرۆڤ هەست بە دڵەڕاوکێ دەکات کاتێك ناکۆکی لە نێوان تواناکانی و تەماحەکانیدا یان لە نێوان خودی ڕاستەقینە و خودی خەیاڵیدا دەدۆزێتەوە(سلامة ٢٠١١: ١٧)،

ڕونیکردۆتەوە کە پەیڕەوانی مرۆڤایەتی پێیان وایە دڵەڕاوکێ بریتییە لە ترس لە داهاتوو و ئەو ڕووداوانەی کە ئەزموونی دەکات و هەڕەشە لە بوونی مرۆڤ دەکەن یان بوونە کەسییەکەی، دڵەڕاوکێ لە چاوەڕوانییەکانی مرۆڤەوە سەر هەڵدەدات، کە ڕەنگە ڕووبدات، سەبارەت بە ڕابردووی تاکەکەسی ئەوان پێیان وایە مرۆڤ تاکە بوونەوەرێکی زیندووە، کە درك بەوە دەکات کە کۆتاییەکەی حەتمییە و ئەو مردنە لە وانەیە لە هەرساتێکدا ڕوو بدات و چاوەڕوانی مردنی مرۆڤ هۆکاری سەرەکی دڵەڕاوکێیە لای مرۆڤ(مواهب الرشيد، ٢٠٠٤).

**سێیەم / چەمکی دڵەڕاوکێ لە ڕوانگەی تیۆرەکانی ڕەفتارییەوە Behaviorsim**

ڕەفتارناسان گرنگییەکی زۆر بە پرۆسەی فێربوون دەدەن و پێیان وایە مرۆڤ هەروەك چۆن فێری ڕەفتاری ئاسایی دەبێت بە هەمان شێوە فێری دڵەڕاوکێ و ترس و ڕەفتاری نەخۆشی دەبێت، هاندەرە سروشتییەکان تاك بەجۆرێکی دڵەڕاوکێ وەڵامیان دەداتەوە و دڵەڕاوکێ سەبارەت بە هاندەرە مەرجدارەکە دەبێتە پاڵنەرێکی بەدەستهێنراو لەڕێگەی بنەمای گشتاندن لە فێربوونی نیگەرانیدا، ئاماژە بەوە دەکرێت هاندەرەکان کە هاوشێوەن و زۆرترین هاوشێوەی ئەو هاندەرانەن کە کەسێك فێری ئەوە بووە کە خەمی ئەوە بێت کە زۆرترین نارەحەتکەرن ( رضوان، ٢٠٠٢)، تیۆری سیکنەر جیاوازییەکی ئەوتۆی لەگەڵ ڕێبازی لێکدانەوەی مەرجدارکردنی کلاسیکدا نییە، چونکە پێی وایە ڕەفتار بەگشتی لەوانەش ڕەفتاری نائاسایی و نەخۆشی لە ئەنجامی ئەو ئەزموونانەی تاك بە ئەزموونی دڵەڕاوکێ تێدەپەڕێت کە تارادەیەك بەهێز بوون و وای لێکرد کە هاندەرێکی بەهێز و بەردەوام بێت بۆ ئەم جۆرە تێکچوونە.

**توێژینەوەکانی ڕابردوو تایبەت بە دڵەڕاوکێی داهاتوو:**

١- السبعاوي (٢٠٠٧): بەناونیشانی **(دڵەڕاوکێی داهاتوو لای خوێندکارانی کۆلێژی پەروەدە و پەیوەندی بە گۆڕاویی ڕەگەزی و پسپۆڕیی ئەکادیمی).** توێژەر ئامانجی توێژینەوەکەی بەچەند خاڵێك خستووەتەڕوو، کە ئەمانەن: أ - پێوانەکردنی ئاستی دڵەڕاوکێی داهاتوو لای خوێندکارانی کۆلێژی پەروەردە بەشێوەیەکی گشتی. ب - دەستنیشانکردنی دڵەڕاوکێی داهاتوو لای خوێندکارانی کۆلێژی پەروەردە و پەیوەندی بە گۆڕاویی ڕەگەزی (نێر و مێ). ج - دەستنیشانکردنی دڵەڕاوکێی داهاتوو لای خوێندکارانی کۆلێژی پەروەردە و پەیوەندی بە گۆڕاوی پسپۆڕیی ئەکادیمی (زانستی و زانستەمرۆییەکان). نمونەی توێژینەوەکە پێکهاتووە لە (٥٧٨) خوێندکاری (نێر و مێ) کە

بەشێوەیەکی هەڕەمەکی هەڵبژێردراون، کە دەکاتە سەدا ( ١٥،٢٧٠ % ) کۆمەڵگای ڕەسەن، توێژەر توێژینەوەکەی سنووردار بووە بە نمونەیەك لە خوێندکارانی کۆلێژی پەروەردە بۆ ساڵانی خوێندنی (٢٠٠٦ _ ٢٠٠٧)ی خوێندنی بەیانیان، توێژەر لە توێژینەوەکەی پەیوەست بە دڵەڕاوکێی داهاتوو پێوەری (الخالی ، ٢٠٠٢)ی بەکارهێناوە، کەرەستە ئامارییەکانی هاوکۆلکەی پەیوەستبوونی پێرسۆن و تێستی تائی و ڕێژەی پەیوەندی (بونیت بایسیریل) بۆ دۆزینەوەی پەیوەندی نێوان گۆڕاوی دڵەڕاوکێی داهاتوو گۆڕاوەکانی (ڕەگەزی، پسپۆری) بەکارهێناوە.

توێژەر ئەنجامی توێژینەوەکەی بە سێ خاڵ خستووەتەڕوو:

أ – جیاوازییەکی بەرچاو لەڕووی ئامارییەوە لە نێوان تێکڕای بەدەستهێنراو و تێکڕای پێوەرەکانی دڵەڕاوکێی داهاتوو هەیە، ئەمەش بەو مانایەی، کە ئاستی دڵەڕاوکێی داهاتوو لای ئەندامانی نموونەکە بەشێوەیەکی گشتی نزمە. ب – ئەنجامەکانی توێژینەوەکە دەریخستووە، کە پەیوەندییەکی بەرچاو لەنێوان گۆڕاوی دڵەڕاوکێی داهاتوو و گۆڕاوی ڕەگەزییدا هەیە و لەبەرژەوەندی ڕەگەزی مێینە دایە.

ج – هیچ پەیوەندییەك لەنێوان گۆڕاوی دڵەڕاوکێی داهاتوو و گۆڕاوی پسپۆڕیدا نییە(السبعاوی، ٢٠٠٧).

٢– گەرمیان (٢٠٠٧): **(دڵەڕاوکێی داهاتوو و پەیوەندی بە سیمای کەسێتی لای پەناهەندە عێراقییەکان لە ئوسترالیا).**

ئامانجی توێژینەوە ناسینی سیمای کەسێتی و دڵەڕاوکێی داهاتووە لای پەناهەندە عێراقییەکانی ئوسترالیا و نمونەی توێژینەکە (١٩٨) کەس بووە، کە پێکهاتووە لە (١٢٦) کەس لە ڕەگەزی نێر و (٧٢) کەس لە ڕەگەزی مێ، تەمەنیان لە نێوان (١٨ – ٥٨) ساڵدا بووە، کە بەشێوەی ناهەڕەمەکی (مەبەستدار) هەڵبژێردراون، توێژەر بۆ پێوانەکردنی سیمای کەسێتی پێوەری (پێنج هۆکارە گەورەکە)ی لە ئامادەکردنی (جون و دوناهوکتیل) وەرگرتووە. گرنگترین ئەنجامەکانی توێژینەوەکە، بەرزی دڵەڕاوکێی داهاتوو لای نمونەی توێژینەوەکە، جیاوازیی ئاماریی بوونی نییە، بەگوێرەی گۆڕاوی ڕەگەزی و باری کۆمەڵایەتی لە دڵەڕاوکێی داهاتوودا، لەکاتێکدا جیاوازیی ئاماری بوونی هەیە بەپێی تەمەن لە دڵەڕاوکێی داهاتوو لە نێوان تەمەنی (١٨ – ٣١) ساڵ و (٣٢ – ٤٥) لە بەرژەوەندی گرووپی دووەم، بەڵام جیاوازیی ئاماریی بوونی هەیە لە نێوان



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 3
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

دڵەڕاوکێی داهاتوو و ڕەهەندی نیورۆس، بەڵام پەیوەندی ئاماری بوونی نییە لە نێوان دڵەڕاوکێی داهاتوو (کرانەوە، ویژدانی زیندوو)(گەرمیان ، ٢٠٠٧).

٣- القرنی (٢٠١٨): بە ناونیشانی **(دڵەڕاوکێی داهاتوو و پەیوەندی بە ئاراستەی کارکردن لای خوێندکارانی زانکۆ)**، بەئامانجی دەستنیشانکردنی ئاستی دڵەڕاوکێی داهاتوو و پەیوەندی بە ئاراستەی کارکردن لای نمونەیەك لە خوێندکارانی زانکۆ، دۆزینەوەی جیاوازیی ئاماریی لە دڵەڕاوکێی داهاتوو لای خوێندکارانی زانکۆ و پەیوەندی بە (گۆڕاوەکانی پسپۆڕی و تەمەن، ساڵی خوێندن، نمرەی کەڵەکەبوو)، هەروەها دیاریکردنی جیاوازیی ئاماریی لە هەڵوێست بەرامبەر بە کارکردن لای خوێندکارانی زانکۆ و پەیوەندی بە گۆڕاوەکانی (پسپۆڕی، تەمەن، ساڵی خویندن، نمرەی کەڵەکەبوو) نمونەی توێژینەوەکە پێکهاتووە لە (٢٠٠) خوێندکار لە کۆلێژی زانست و هونەر لە زانکۆی (بیلقرن).توێژەر ئامرازەکانی توێژینەوەکەی بریتی بوو لە پێوەرێك بۆ دڵەڕاوکێی داهاتوو و پەیوەندی بە ئاراستەی کارکردن، کە لەلایەن توێژەرەوە ئامادەکراوە.

توێژەر لەتوێژینەوەکەیدا کەرەستە ئامارییەکانی بەرنامەی پاکێجی ئاماریی بۆ زانستە کۆمەڵایەتییەکان (spss – 20)، هاوکۆلکەی پێرسۆن، هاوکێشەی سبیرمان، جتما و هاوکێشەی (ألفا کرونباخ)، شیکاری هاوکێشەی یەك ڕێگا (One way ANOVA)، تاقیکردنەوەی شیفیە (Scheffe )ی بەکارهێناوە. توێژەر لە ئەنجامی توێژینەوەکەی دەرکەوت، کە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ و ئاماریی گرنگ لە ئاستی (٠،٠١) لەنێوان دڵەڕاوکێی داهاتوو و هەڵوێست بەرامبەر بەکارکردن لای خوێندکارانی زانکۆ هەیە، هەروەها ئەنجامەکان دەریانخست، کە هیچ جیاوازییەکی ئاماریی گرنگ لەنێوان تێکڕای نمرەکانی تاکەکاندا نەبوو لای نمونەی توێژینەوەکە لەسەر هەڵویست بەرامبەر بەکار بەپێی گۆڕاوەکانی پسپۆڕی، تەمەن، ساڵی خوێندن، نمرەی کەڵەکەبوو، بەڵام جیاوازییەکی ئاماریی بەرچاو لای ئەوانەی دڵەڕاوکێی بەرز و نزمیان هەیە سەبارەت بە داهاتوو لەهەڵوێست بەرامبەر بەکار لەبەرژەوەندی ئەوانە دایە کە دڵەڕاوکێ یان نزم بووە سەبارەت بە داهاتوو(القرنی ، ٢٠١٦).

**بەشی سێ یەم / ڕێکاریەکانی توێژینەوە:**

**میتۆدی توێژینەوە :**

توێژەر بۆ هێنانەدی ئامانجەکانی و جێبەجێ کردنی هەنگاوەکانی بەشێوەی زانستی ، میتۆدی "وەصفی ڕووپێوی کۆمەڵایەتی "و"پەیوەستی " بەکارهێناوە میتۆدی وەصفیش دیارترین ڕیبازی لێکۆڵینەوەی زانستەمرۆی و کۆمەڵایەتیەکانە و جەخت لەسەر دیاردەو ڕووداوەکانی ئێستا

دەکەنەوە ، واتا ئەو دیاردانەی کەلە ئێستای ژیانی تاك و گروپ و کۆمەڵگادا بوونی هەبێت و لە ئارادابێت . ( بۆکانی ، ٢٠٢٠ : ٧٣ ) .

**کۆمەڵگەی توێژینەوە** : کۆمەڵگەی توێژینەوە بریتیە لەسەرجەم خوێندکارانی زانکۆی گەرمیان بۆ ساڵی خوێندنی ( ٢٠٢٤ – ٢٠٢٥ ), بریتیە لە ( ٤٧١٤ ) خوێندکار لە هەردوو ڕەگەزی (نێر و مێ ) بۆ دەوامی بەیانیان و ئێواران بە پێی پسپۆڕی و قۆناغی خوێندنیان . هەروەك لە خشتەی ( ١ ) ڕونکراوەتەوە

خشتەی (١)

کۆمەڵگەی توێژینەوە بەپێی گۆڕاوەکانی جۆری دەوام و پسپۆڕی و ڕەگەزی و قۆناغی خوێندن.

| قۆناغ | بەیانیان | | ئێواران | | کۆ |
|---|---|---|---|---|---|
| | نێر | مێ | نێر | مێ | |
| یەکەم | ٤٠٨ | ٦٩٢ | ٤٥ | ٨٨ | ١٢٣٣ |
| دووەم | ٢٨٢ | ٥٠٤ | ٥١ | ١٢٥ | ٩٦٢ |
| سێ یەم | ٢٥٢ | ٥١٩ | ٣٠ | ٤٨ | ٨٤٩ |
| چوارەم | ٤٤٧ | ٨٩٦ | ٩٥ | ١٢٢ | ١٥٦٠ |
| پێنجەم | ٢٧ | ٦١ | | | ٨٨ |
| شەشەم | ٨ | ١٤ | | | ٢٢ |
| کۆ | ١٤٢٤ | ٢٦٨٦ | ٢٢١ | ٣٨٣ | ٤٧١٤ |

**سێیەم : نموونەی توێژینەوە:**

لەبەر زۆری ژمارەی ئەندامانی کۆمەڵگەی توێژینەوە ، توێژەر نمونەیەکی بەڕێژەی ( ١٠,٦% ) لەکۆی کۆمەڵگەی توێژینەوە وەرگرتوە کە دەکاتە ( ٤٩٩ ) ژمارە بەڵام توێژەر بۆ ڕێککرنەوەی نمونەی توێژینەوەکە ( ٥٠٠ ) ژمارەی تەواوی وەرگرت, توێژەر بۆ ئەوەی نمونەی توێژینەوەکەی ئاماژەیەك بێت بۆ کۆی کۆمەڵگەی توێژینەوەکە نمونەکانی بەم شێوە لە خشتەی ژمارە (٢)ڕوونکراوەتەوە.

خشتەی (٢) ژمارەو ڕێژەی ئەندامانی نمونەی توێژینەوە .

| قۆناغ | بەیانیان | | | | ئێواران | | | | کۆ | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | زانستی | | مرۆیی | | زانستی | | مرۆیی | | | |
| | نێر | مێ | نێر | مێ | نێر | مێ | نێر | مێ | ژ | % |
| یەکەم | ٢٦ | ٥١ | ١٣ | ٢٧ | ٥ | ١١ | ٩ | ١١ | ١٥٣ | %٣٠،٦ |
| دووەم | ٢١ | ٣٤ | ٧ | ٣٤ | | | ٢٣ | ١٧ | ١٣٦ | %٢٧،٢ |
| سێ یەم | ١٤ | ٤٠ | ١١ | ١٨ | ٣ | ١ | | | ٨٧ | %١٧،٤ |
| چوارەم | ١٦ | ٣٣ | ٧ | ٣١ | ٢ | ٣ | ٨ | ٦ | ١٠٦ | %٢١،٢ |
| پێنجەم | ١ | ٢ | ٣ | ٧ | | | | | ١٣ | %٢،٦ |
| شەشەم | ٢ | ٣ | | | | | | | ٥ | %١ |
| کۆ | ٨٠ | ١٦٣ | ٤١ | ١١٧ | ١٠ | ١٥ | ٤٠ | ٣٤ | ٥٠٠ | |

**ئامرازەکانی توێژینەوە** : توێژەر بەمەبەستی هێنانەدی ئامانجەکان وکۆکردنەوەی داتاو زانیاری دروست لە ئەندامانی نمونەی توێژینەوە ئەم ئامرازانەی بەکارهێناوە .

**پێوەری دڵەڕاوکێی داهاتوو:** یەکەم : پێوەری دڵەڕاوکێی داهاتوو:

توێژەر بەپشت بەستن بە پسپۆڕان و شارەزایان و فێرخوازان لەسەر گۆڕاوی دڵەڕاوکێی داهاتوو پێوەرێکی لەسەر ( ٤ ) بوار ،کەپێك هاتووە لە (بواری دەروونی خودی ، بواری خێزانی ، بواری کۆمەڵایەتی ،بواری ئابووری ) ئامادە کرد کە لە ( ٤٣ ) بڕگە پێکهات ،وە شێوازی( لیکرت)ی بەکارهێنا کە بریتیە لە پێنج جێگرەوە بۆ هەربڕگەیەکی پێوەرەکە ،جێگرەوەکانیش بریتین لە ( هەمیشە ، زۆرجار ، هەندێ جار ، بەدەگمەن ، هەرگیز ) ،هەروەك لە خشتەی (٣) بوارەکانی پێوەری دڵەڕاوکێی داهاتوو و ژمارەی بڕگەکانی ڕوون دەکاتەوە .

خشتەی (٣) بوارەکان و ژمارەی بڕگەکانی بواری دڵەڕاوکێی داهاتوو.

| ژ | بوارەکان | ژمارەی بڕگەکان |
|---|---|---|
| ١ | دەروونی خودی | ١٤ |
| ٢ | خێزانی | ٨ |

| | | |
|---|---|---|
| ٣ | کۆمەڵایەتی | ٩ |
| ٤ | ئابووری | ١٢ |
| کۆ | | ٤٣ |

**یەکەم : ڕاستیی:** یەکێکە لە تایبەتمەندیەکانی هەرپێوەرێك لە بواری توێژینەوەی زانستیدا ، ڕاستیی بریتیە لە توانای ئامرازی توێژینەوە بۆ پێوانەکردنی ئەو دیاردەیەی کە بانگەشەی پێوانەکردنی بۆ دەکات ( بۆکانی ،٢٠٢٠: ١٥٣ ) توێژەر لە ئامادەکردنی پێوەری ( دڵەڕاوکێی داهاتوو ) دا ڕاستی ڕواڵەتی دەرهێناوە کە بریتیەلە ( ٨٧% ) ئەمەش بە ڕێژەیەکی بەرزی پەسەند لەڕووی زانستیەوە دادەنرێ ،

**–هێزی جیاکەرەوەی برگەکان: (القوة التميزية للفقرات):**

توێژەر دوو کۆمەڵەی ئاست جیاوازی بۆ شیکردنەوەی ئاماری برگەکان بەکارهێناوە، کە نموونەی شیکردنەوەی برگەکان بریتی بوو لە (٥٠٠) خوێندکار لە هەردوو ڕەگەز هێزی جیاکاری بۆ هەر برگەیەك لە برگەکان هەژمارکرا بە دیاریکردنی کۆ نمرەی هەر فۆرمێك، پاشان ڕیزکردنی فۆرمەکان لە بەرزترین نمرەوە بۆ نزمترین نمرە ئینجا (١٣٥) فۆرم لە فۆرمەکانی کۆمەڵەی نمرە بەرزەکان کە دەکاتە ڕێژەی (٢٧%)ی کۆمەڵەکە وەرگیرا، دواتر توێژەر بەبەکارهێنانی تاقیکردنەوەی (تێستی تائی T–test) بۆ دوو نمونەی سەربەخۆ تێستی بەڵگەداری جیاوازی نێوان کۆمەڵەی بەرزو کۆمەڵەی نزم، بۆ هەر برگەیەك لە برگەکانی پێوەری دڵەڕاوکێی داهاتوو، ئەنجامی شیکردنەوەی ئاماری ئەوی نیشاندابۆ تێکرای نمرەکان یەکسانە بە (٠،٢١٤ )، کە بەهای تائی بۆ هێزی جیاکەرەوەی برگەکان بەڵگەدارە لە ئاستی ئاماری (٠,٠٥) بۆ هەموو برگەکان، لەخشتەی (٣)ڕونکراوەتەوە.

خشتەی (٣) پەیوەندی جیاکەرەوەی برگەکانی پێوەری دڵەڕاوکێ داهاتووبە شێوازی دووکۆمەڵەی ئاست جیاواز

| ز | ناوەندەژمێرەیی: کۆمەڵەی بەرز ن=135 | ناوەندەژمێرەیی: کۆمەڵەی نزم ن=135 | جیاوازی | بەهای T: هەژمارکراو | بەهای T: خشتەیی | ئاستی بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | 3.42 | 3.18 | 0.24 | 3.386 | 1.6506 | ٠,٠٠٠ |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ٢ | 2.90 | 2.71 | 0.19 | 3.470 | 1.6506 | ٠,٠٠٠ |
| ٣ | 3.38 | 3.18 | 0.19 | 3.262 | 1.6506 | ٠,٠٠٠ |
| ٤ | 2.87 | 2.66 | 0.21 | 3.848 | 1.6506 | ٠,٠٠٠ |
| ٥ | 3.73 | 3.53 | 0.20 | 3.944 | 1.6506 | ٠,٠٠٠ |
| ٦ | 4.26 | 4.05 | 0.22 | 3.760 | 1.6506 | ٠,٠٠٠ |
| ٧ | 3.07 | 2.86 | 0.21 | 3.556 | 1.6506 | ٠,٠٠٠ |
| ٨ | 3.28 | 3.04 | 0.24 | 3.660 | 1.6506 | ٠,٠٠٠ |
| ٩ | 3.56 | 3.33 | 0.23 | 3.734 | 1.6506 | ٠,٠٠٠ |
| ١٠ | 3.38 | 3.16 | 0.21 | 3.290 | 1.6506 | ٠,٠٠٠ |
| ١١ | 2.82 | 2.60 | 0.22 | 3.544 | 1.6506 | ٠,٠٠٠ |
| ١٢ | 3.55 | 3.32 | 0.23 | 3.922 | 1.6506 | ٠,٠٠٠ |
| ١٣ | 3.94 | 3.73 | 0.21 | 3.842 | 1.6506 | ٠,٠٠٠ |
| ١٤ | 3.59 | 3.34 | 0.25 | 3.568 | 1.6506 | ٠,٠٠٠ |
| ١٥ | 3.22 | 2.98 | 0.24 | 3.290 | 1.6506 | ٠,٠٠٠ |
| ١٦ | 3.81 | 3.57 | 0.24 | 3.342 | 1.6506 | ٠,٠٠٠ |
| ١٧ | 3.17 | 2.94 | 0.23 | 3.526 | 1.6506 | ٠,٠٠٠ |
| ١٨ | 2.31 | 2.08 | 0.23 | 3.654 | 1.6506 | ٠,٠٠٠ |
| ١٩ | 3.50 | 3.26 | 0.24 | 3.874 | 1.6506 | ٠,٠٠٠ |
| ٢٠ | 3.32 | 3.11 | 0.21 | 3.006 | 1.6506 | ٠,٠٠٠ |
| ٢١ | 2.46 | 2.24 | 0.21 | 3.628 | 1.6506 | ٠,٠٠٠ |
| ٢٢ | 2.99 | 2.75 | 0.25 | 3.110 | 1.6506 | ٠,٠٠٠ |
| ٢٣ | 2.07 | 1.87 | 0.20 | 3.042 | 1.6506 | ٠,٠٠٠ |
| ٢٤ | 2.94 | 2.74 | 0.20 | 3.872 | 1.6506 | ٠,٠٠٠ |
| ٢٥ | 3.35 | 3.14 | 0.22 | 3.120 | 1.6506 | ٠,٠٠٠ |
| ٢٦ | 3.14 | 2.90 | 0.24 | 3.572 | 1.6506 | ٠,٠٠٠ |
| ٢٧ | 3.27 | 3.05 | 0.22 | 3.308 | 1.6506 | ٠,٠٠٠ |
| ٢٨ | 3.73 | 3.53 | 0.21 | 2.910 | 1.6506 | ٠,٠٠٠ |
| ٢٩ | 3.43 | 3.22 | 0.21 | 3.760 | 1.6506 | ٠,٠٠٠ |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ٠,٠٠٠ | 1.6506 | 3.762 | 0.22 | 3.35 | 3.57 | ٣٠ |
| ٠,٠٠٠ | 1.6506 | 3.634 | 0.22 | 2.84 | 3.06 | ٣١ |
| ٠,٠٠٠ | 1.6506 | 4.022 | 0.22 | 2.66 | 2.88 | ٣٢ |
| ٠,٠٠٠ | 1.6506 | 3.070 | 0.20 | 2.99 | 3.19 | ٣٣ |
| ٠,٠٠٠ | 1.6506 | 2.582 | 0.19 | 3.15 | 3.34 | ٣٤ |
| ٠,٠٠٠ | 1.6506 | 3.386 | 0.20 | 2.45 | 2.65 | ٣٥ |
| ٠,٠٠٠ | 1.6506 | 3.470 | 0.24 | 3.19 | 3.44 | ٣٦ |
| ٠,٠٠٠ | 1.6506 | 3.262 | 0.24 | 3.14 | 3.39 | ٣٧ |
| ٠,٠٠٠ | 1.6506 | 3.848 | 0.21 | 2.94 | 3.15 | ٣٨ |
| ٠,٠٠٠ | 1.6506 | 3.944 | 0.23 | 3.07 | 3.31 | ٣٩ |
| ٠,٠٠٠ | 1.6506 | 3.760 | 0.26 | 3.25 | 3.51 | ٤٠ |
| ٠,٠٠٠ | 1.6506 | 3.556 | 0.22 | 2.67 | 2.88 | ٤١ |

مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦ / العدد ٣

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ٠,٠٠٠ | 1.6506 | 3.660 | 0.23 | 2.88 | 3.10 | ٤٢ |
| ٠,٠٠٠ | 1.6506 | 3.734 | 0.20 | 3.04 | 3.24 | ٤٣ |

**دووەم : جێگیری ( Reliability ) :** بۆ دەرهێنانی جێگیری پێوەری ( دڵەڕاوکێی داهاتوو ) توێژەر ڕێگای دووبارە تاقیکردنەوەی بەکارهێنا کە ( ١٩ ) خوێندکاری کوڕ و کچ لە نمونەی توێژینەوەکە، لە ماوەی نێوان ( ١٦ ) ڕۆژدا دووجار وەڵامی پرسیارەکانی پێوەرەکەیان دایەوە ، لەڕێگای هاوکۆلکەی پەیوەستبونی پیرسۆن ڕادەی پەیوەستبوونی هەردوو تاقیکردنەوەکە دەرکەوت بەهای جێگیری پێوەرەکە بریتیە لە (٩٧،٨ ) کە ئەمەش مانای وایە بەهای جێگیری لە ئاستێکی بەرزدایەو گونجاوە بۆ جێ بەجێکردن ،لە خشتەی (٤)ڕونکراوەتەوە .

خشتەی (٤) جێگیری پێوەری دڵەڕاوکێی داهاتوو لە نێوان جێبەجێکردنی یەکەم و دووەم

| ڕێژەی پەیوەستی هەردوو تاقیکردنەوە بۆ کۆی بڕگەکان | هاوکۆڵکەی پەیوەستی پێرسۆن |
|---|---|
| | %٩٧,٨ |

**بەشی چوارەم / ڕاڤەو شیکردنەوەی ئەنجامەکان :**

پاش هەنگاو و ڕێکارە زانستییەکان و چارەسەری ئاماری و داتاو زانیارییەکان، لەم بەشەدا ئەنجامەکانی توێژینەوەکە بەپێی ڕیزبەندی ئامانجەکانی خراونەتە ڕوو.

* ئاستی دڵەڕاوکێی داهاتوو لای خوێندکارانی زانکۆی گەرمیان:

خشتەی (٥) ناوەندە ژمێرەی ولادانی پێوەری ،بەهای تائی هەژمارکراو خشتەی بۆ ئاستی دڵەڕاوکێی داهاتوو.

| | ناوەندەژمێرەیی | لادانی پێوانەیی | بەهای T | | نمرەی ئازاد | ئاستی بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | هەژمارراو | خشتەیی | | |
| کۆ | 136.61 | 54.12 | 55.769 | 1.6506 | 499 | ٠,٠٠٠ |
| تێکرا | 3.18 | 1.26 | | | | |

دوای دەرهێنانی ناوەندەژمێرەیی هەژمارکراو لای ئەندامانی نموونەی توێژینەوە، لە ئەنجامدا دەرکەوت کە تێکرای ناوەندەژمێرەیی (٣,١٨)، لادانی پێوانەی بەشێوەیەکی گشتی ( ٥٤,١٢ ) ، تێکرای لادانی پێوەری ( ١،٢٦ )، لەبەرئەوەی بەهای تائی هەژمارکراو (٥٥,٧٦٩)، گەورەترە

لەبەهای تائی خشتەیی ( ١,٦٥٠٦) ، بە نمرەی ئازادی کە بریتیە لە ( ٤٩٩ ) بە ئاستی بەڵگەداری (٠,٠٥) کەواتە دڵەڕاوکێی داهاتوو لای خوێندکارانی زانکۆی گەرمیان بوونی هەیە.هەروەك لە خشتەی (٥) ڕوونکراوەتەوە .

*** بەڵگەکانی جیاوازی لە ئاستی دڵەڕاوکێی داهاتوو لای خوێندکارانی زانکۆی گەرمیان بەپێی گۆڕاوی ڕەگەزی نێرو مێ.**

خشتەی (٦) ناوەندە ژمێرەی ولادانی پێوەری ،بەهای تائی هەژمارکراو وخشتەی بۆ ئاستی دڵەڕاوکێی داهاتوو بە پێی گۆڕاوی ڕەگەزی نێر و مێ .

| گۆڕاو | نێر | | مێ | | بەهای T هەژمارکراو | ئاستی بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | ناوەندەژمێرەیی | لادانی پێوەری | ناوەندەژمێرەیی | لادانی پێوەری | | |
| دڵەڕاوکێی داهاتوو | 135 | 54 | 137.92 | 53.54 | 2916.107 | ٠,٠٠٠ |

بەهای (T) خشتەیی بە ئاستی بەلگەداری (٠,٠٥) و نمرەی ئازادی (٣١٧) = ١,٦٤



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 3
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

لە خشتەکەدا دەرکەوتووە ناوەندەژمێرەیی ئاستی دڵەڕاوکێی داهاتوو بۆ ڕەگەزی نێر(١٣٥ ) ، ناوەندەژمێرەی بۆ ڕەگەزی مێ(١٣٧ )،لادانی پێوەری بۆ ڕەگەزی نێر (٥٤) ، لادانی پێوەری بۆ ڕەگەزی مێ (٥٣،٥٤ ) ئەمەش ئەوە نیشاندەدات کە جیاوازییەکی بەرچاو لە ناوەندەژمێرەی و لادانی پێوەری ئاستی دڵەڕاوکێی داهاتوولە ئاستی بەڵگەداری (٠،٥) لای خوێندکارانی زانکۆی گەرمیان بەپێی گۆڕاوی ڕەگەزی نێر و مێ بوونی نییە. هەروەك لە خشتەی (٦) پیشاندراوە .

***بەڵگەکانی جیاوازی لە ئاستی دڵەڕاوکێی داهاتوو لای خوێندکارانی زانکۆی گەرمیان بەپێی گۆڕاوی پسپۆری مرۆیی و زانستی.**

خشتەی (٧) ناوەندە ژمێرەی ولادانی پێوەری ،بەهای تائی هەژمارکراو خشتەی بۆ ئاستی دڵەڕاوکێی داهاتوو بە پێی گۆڕاوی پسپۆری مرۆیی و زانستی لای خوێندکارانی زانکۆی گەرمیان.

| گۆڕاو | زانستی | | مرۆیی | | بەهای T هەژمارکراو | ئاستی بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | ناوەندەژمێرەیی | لادانی پێوەری | ناوەندەژمێرەی | لادانی پێوەری | | |
| دڵەڕاوکێی داهاتوو | 135.24 | 52.92 | 139.00 | 53.98 | 1725.939 | ٠,٠٠٠ |

بەهای (T) خشتەیی بە ئاستی بەلگەداری (٠,٠٥) و نمرەی ئازادی (٤٩٨) = ١,٦٤٨

لە خشتەکەدا دەرکەوتووە ناوەندەژمێرەیی ئاستی دڵەڕاوکێی داهاتوو بەپێی گۆڕاوی پسپۆری زانستی بریتیەلە(١٣٥،٢٤) ، ناوەندەژمێرەی بەپێی گۆڕاوی مرۆی بریتیەلە (١٣٩ )، لادانی پێوەری بۆ ئاستی دڵەڕاوکێی داهاتوو بەپێی گۆڕاوی پسپۆری زانستی (٥٢،٩٢) ، لادانی پێوەری بۆ ئاستی دڵەڕاوکێی داهاتوو بەپێی گۆڕاوی پسپۆری مرۆیی (٥٣،٩٨) ئەمەش ئەوە نیشاندەدات کە جیاوازییەکی بەرچاو لە ناوەندەژمێرەی و لادانی پێوەری بۆ دڵەڕاوکێی داهاتوولە ئاستی بەڵگەداری (٠،٥) لای خوێندکارانی زانکۆی گەرمیان بەپێی گۆڕاوی ڕەگەزی نێر و مێ زۆر کەمەو شایەنی ژماردن نیە . هەروەك لە خشتەی (٧) ڕوونکراوەتەوە

**دەرئەنجامەکان :**

دوای خستنەڕووی ئەنجامەکانی توێژینەوە ،توێژەر بەم دەرئەنجامانە گەیشتوە کەبریتین لە :

١- ئاستی دڵەڕاوکێی داهاتوو لای خوێندکارانی زانکۆی گەرمیان بەئاستی بەڵگەداری (٠،٥) لەئاستێکی بەرزدایە .

٢- بەپێی گۆڕاوی ڕەگەزی نێر و مێ لە ئاستی دڵەڕاوکێی داهاتوو لای خوێندکارانی زانکۆی گەرمیان جیاوازی بەرچاو بوونی نییە.

٣- دڵەڕاوکێی داهاتوو بە پێی گۆڕاوی پسپۆری لای خوێندکارانی زانکۆی گەرمیان جیاوازی بەدی ناکرێت .

**ڕاسپاردەکان:**

دوای خستنەڕووی دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە توێژەر ئەم ڕاسپاردانە دەخاتە ڕوو .

١- هۆشیارکردنەوەی خوێندکاران سەبارەت بەداهاتووی خوێندنیان و ناسینی تواناو سەرمایە مرۆیەکانیانی خۆیان،دانانی پلان بۆ داهاتوویان ، دوورخستنەوەیان لە ئامانجە ناواقعیەکان، لەڕێگای کۆڕوسیمینارو بەرنامەی پەروەردەیی تۆکمە کەخزمەت بە داهاتووی خوێندکاران بکات .

٢-هۆشیارکردنەوەی خوێندکارانی زانکۆ بەدرککردنیان بەگرنگی قۆناغی زانکۆ لەسەر داهاتووی ژیانی کۆمەڵگا بەگشتی و خودی خویندکاران بەتایبەتی .

٣-هاوکاری مادی مەعنەوی خوێندکاران بکرێت لەکاتی بەردەوام بوونیان لەقۆناغەکانی خویندنی زانکۆ بۆئەوەی دەرفەتی تەواویان هەبێت تابەدوای زانیاریەکان بگەڕین و گرفتیان بۆ دروست نەبی.

٤-هاوکاریکردنی خوێندکاران و پێدانی هەل و دەرفەتی گونجاو بەجۆرێك لەگەڵ تواناکانی خوێندکاراندا بگونجێت بۆ پەرەپێدان و فەراهەمکردنی تواناکانیان .

پێشنیارەکان:

لەبەر ڕۆشنای ئەنجامی توێژینەوەکە توێژەر ئەم پێشنیارانە دەخاتە ڕوو :

١- بەهۆی کەمی و ناهاوسەنگی ڕێژەی ڕەگەزی نێر بەراورد بەڕێژەی ڕەگەزی مێ لە قۆناغەکانی خوێندنی زانکۆ ،توێژەر پێشنیاری ئەنجامدانی توێژینەوەیەك دەکات بۆ دەسنیشانکردن و هۆکارەکانی.

٢-ئەنجامدانی توێژینەوەیەك لەسەر گۆڕاوی دڵەڕاوکێی داهاتوو پەیوەندی بە خود نرخاندن لای خوێندکارانی زانکۆ.

٣- ئەنجامدانی توێژینەوەیەك سەبارەت بە ئاستی هیوا بەداهاتووی خوێندنی ئەکادیمی لای خوێندکارانی زانکۆ.

٤- ئەنجامدانی توێژینەوەیەك سەبارەت بەرۆڵی زانکۆ لەسەردڵەڕاوکێی داهاتوولای خوێندکارانی زانکۆ.

**سەرچاوەکان:**


١- بۆکانی ،سابیر ( ٢٠٢٠ ) : میتۆدی توێژینەوەی زانستی ،چاپی دووەم ،سلێمانی .

٢- ڕاشید ، ڕاشید علی ( ٢٠١٢ ) : زانکۆ و فێرکردنی زانکۆیی ، وەرگێرانی یەحیا عمر ڕێشاوی ، چاپخانەی شڤان ، چاپی یەکەم .

٣-مۆرگان ، سیدۆ مۆرگان ( ٢٠٢٢ ) : نەخۆشیەدەروونیەکان وچارەسەری دەروونی (دەروون شیکاری ، رەفتاری ، مەعریفی) ، چاپی دووەم ،تاران .

٤_ فرۆید ، زیگمۆند فرۆید: وانەوتاری دڵەڕاوکێ ، وەرگێڕانی ولید عمر، ناوەندی رەهەند، سلێمانی ،چاپی یەکەم (٢٠٢٣).

**سەرچاوەی عربی :**

١ - عبدالرحمن , عبداللة محمد ( ٢٠٠٠ ) : دراسات في علو الاجتماع , دارالنهضة العربية ,بيروت , لبنان.

٢-مواهب ، الرشيد ابراهيم محمد , ( ٢٠٠٤ ) :القلق لدى طالبات كلية تربية بالزلفي و علاقتة ببعض المتغيرات , دراسة مقارنة بين الدراسات الاسلامية والتربية الخاصة , جامعة المجمعة - كلية تربية بالزلفي ( الترية الخاصة ) .

٣- عادل عبدللة , محمد ( ٢٠٠٠ ) : العلاج المعريفي السلوكى أس و تطبقات , القاهرة , دارالرشاد .

٤- رضوان , رضوان سامر جميل ( ٢٠٠٢ ) : الصحة النفسية , دارالمسيرة للنشروالتوزيع والطباعة , عمان , الاردن .

**ماستەرنامەو تێزی دکتورا:**

١- على ، ئارام ئەحمد (٢٠١٦ ), ئاستی هیواو دڵەڕاوکێی ئاینده لای خوێندکارانی زانکۆی گەرمیان ، زانکۆی گەرمیان ،کۆلێژی پەروەردە ، بەشی دەروونناسی .

٢-حنتول , احمد موسى محمد (٢٠١٢ ) : فاعلية برنامج ارشادى نفسى مقترح لتخفيف قلق المستقبل واثرة على دافغية الانجاز ومستوى الطموح لدى طلاب كلية الجتمع بجامعة جازان , اطروح دكتورا غيرمنشورة , جامعة الامام محمد بن سعود الاسلامية , قسم علم النفس , الملكة العربية السعودية .

٣- المشيخى , غالب بن محمد على ( ٢٠٠٩ ) , قلق المسقبل و علاقتة بكل من فاعلية الذات ومستوى الطموح لدى عينة من طلاب الجامعة الطائف , اطروح الدكتورا غير منشورة , جامعة ام القرى .

٤- سلامة , سعادة ابراهيم محمد سلامة , ( ٢٠١١ ) : اعرض القلق والاكتئاب و اساليب التكيف لدى مرضى الغسيل الكلوي في مشافي محفظات شمال الغربية , رسالة ماجستير, كلية الصحة العامة , جامعة القدس , فلسطين .

٥- السبعاوى , فضيلة عرفات محمد ( ٢٠٠٧ ) : قلق المستقبل لدى طلبة كلية التربية وعلاقته بالجنس والتخصص الدراسى , كلية التربية , جامعة الموصل , مجلة التربية والعلم , الجلد (١٥ ) العدد (٢ ) سنة ٢٠٠٨ .

٦- معوض , محمد عبد التواب ( ١٩٩٦ ) : اثر كل من العلاج المعريفى والعلاج النفسي الدينى في تخفيف قلق المستقبل لدى عينة من طلبة الجامعة , أطروح الدكتوراه غير منشورة , كلية التربية , جامعة القاهرة .

٧- القرنى , حسن بن ناصر بن حسن , قلق المستقبل بالأتجاه نحو العمل لدى طالب الجامعة ماجستير قسم الصحة النفسية التربية , مجلة العلوم التربية بيلقرن , ٢٠١٨ , المجد ٣٧ , عدد( ١ ) .

**سەرچاوەی ئینگلیزی:**

1-zaleski,z (1996),future anxiety,concept measurement,and preliminary research ,personality and lndiviual differences

2- Zaleski, Z. (2018): Future Anxiety: Concept, Measurement and Preliminary Research, Journal of Personality and Individual Differences, 21 (2), 163- 174

3- Moline, R. (2017): Future Anxiety: Clinical Issues of Children in the Latter Phases of Foster Care, Child and Adolescent Social Work Journal

Sources:

1- Bokani, Sabir (2020): Scientific Research Method, Second Edition, Sulaimani.

2- Rashid, Rashid Ali (2012): University and University Education, translated by Yahya Omar Reshawi, Shvan Printing House, first edition.

3- Morgan, Sido Morgan (2022): Mental Illnesses and Psychological Treatment (Psychoanalysis, Behavioral, Cognitive), Second Edition, Tehran.

4- Freud, Sigmund Freud: Lectures on Anxiety, translated by Walid Omar, Dimension Center, Sulaimani, first edition (2023).

Arabic Source :

1- Abdulrahman, Abdullah Mohammed (2000): Studies in Social Studies, Arab Renaissance Center, Beirut, Lebanon.

2- Mowahab, Al-Rashid Ibrahim Mohammed, (2004): Anxiety among students of Zulfi education and its relationship with some variables, Comparative study between Islamic studies and special education, Al-Mujma'a University – Faculty of Education in Al-Zalfi (Private Education).

3- Adel Abdullah, Mohammed (2000): Cognitive Behavioral Therapy, Cairo, Dar al-Rashad.
4- Ridwan, Ridwan Samer Jamil (2002): Mental Health, Dar al-Masirah for Publication, Distribution and Printing, Oman, Jordan.
Master's and Doctoral theses:
1- Ali, Aram Ahad (2016), Level of hope and anxiety about the future among students of Garmian University, Garmian University, College of Education, Department of Psychology.
2-Hantul, Ahmad Musa Mohammed (2012): Effectiveness of self-guidance program to alleviate future anxiety and effect on achievement and ambition in students of Jazan University , اطروح دكتورا غيرمنشورة , Imam Mohammed Bin Saud Islamic University , Department of Psychology , Kingdom of Saudi Arabia
3- Al-Mashikhi, Ghaleb bin Muhammad Ali (2009), Future Anxiety and its Relationship to Self-Efficacy and Level of Aspiration among a Sample of Students at Taif University, Unpublished Doctoral Dissertation, Umm Al-Qura University.
4- Salamah, Sa'adah Ibrahim Muhammad Salamah (2011): Symptoms of Anxiety and Depression and Coping Mechanisms among Kidney Dialysis Patients in Hospitals in the North Western Governorates, Master's Thesis, Faculty of Public Health, Al-Quds University, Palestine.
5- Al-Saba'awi, Fadila Arafat Muhammad (2007): Future Anxiety among Students of the College of Education and its Relationship to Gender and Academic Specialization, College of Education, University of Mosul, Journal of Education and Science, Volume (15), Issue (2), 2008.6- Mawaz, Mohammed Abdul Tawab (1996): The effect of both cognitive therapy and religious psychotherapy in alleviating future anxiety in the eyes of university students, Atroh Unpublished Doctorate , Faculty of Education , Cairo University
7- Al-Qarni, Hassan bin Nasser bin Hassan, Future Anxiety towards Work among University Students, Master's Thesis, Department of Mental Health Education, Journal of Educational Sciences, Bilqarn, 2018, Al-Majd 37, Issue (1).
English Source:
1-zaleski,z (1996),future anxiety,concept measurement,and preliminary research ,personality and lndiviual differences
2- Zaleski, Z. (2018): Future Anxiety: Concept, Measurement and Preliminary Research, Journal of Personality and Individual Differences, 21 (2), 163- 174
3- Moline, R. (2017): Future Anxiety: Clinical Issues of Children in the Latter Phases of Foster Care, Child and Adolescent Social Work Journal